# ئایا دروستە ئافرەت داوای شوکردن بکات

[ بە کوردی ]

# عرض الفتاة نفسها للزواج
[ باللغة الكوردية ]

فەتوا : لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتواو بانگەواز و ڕێنمایی
فتوى : اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والارشاد

وەرگێڕانی: کەمال مەلا موحەمەد بۆسکینی
الترجمة: كمال محمد بوسكيني

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# ئایا دروسته ئافرەت داوای شوكردن بكات؟

## پرسیاری یەكەم لەفەتوای ژمارە(17930)

پرسیار : ئایا دروسته ئافرەت ناوی خۆی و وەسف و وشێوەو ئاكاری لە گۆفارو ڕۆژنامەكاندا بڵاو بكاتەوە، بە مەبەستی نیشاندانی ئارەزوی شوكردن و دۆزینەوەی هاوسەر؟

وەڵام: بڵاو كردنەوەی ئافرەت وەسف و شێوەو ئاكاری خ ۆي لە گۆفارو ڕۆژنامەكاندا، بە مەبەستی نیشاندانی ئارەزوی شوكردن و دۆزینەوەی هاوسەر پێچەوانەی شەرم و حەیایەو لە گەڵ ئاداب و خو ڕەوشتی بەرز دا یەك ناگرێتەوە.

هەروەها ئەو كردارە پێچەوانەیە لە گەڵ قەوامەی وەلی ئەمرەكەی، لە نیكاح دا چونكە لە ئیسلامدا پێویستە داخوازی ئافرەت لە ڕێگەی وەلی ئەمرەكەیەوە بێت.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | جێگری سەرۆك | سەرۆك |
| بكر أبو زيد | عبدالعزيزآل الشيخ | صالح الفوزان | عبدالله بن غديان | عبدالعزيز بن باز |

## پرسیاری دوەم لەفەتوای ژمارە(15130)

پرسیار: ئەگەر كچێك تەمەنی گەیشتە 23 ساڵ وە هیچ كەسێكی گونجاو نەهات بۆ داخوازی، ئایا دروستە وەلی ئەمرەكەی ئاگادار بكاتەوە كە ئارەزو ی شووكردن و منداڵ و ماڵ پێكەوەنانی هەیە یە ئارەزوی تام و چێژی ئارامی و بەختەوەری خێزانی هەیە ، وە داوا بكات لە وەلی ئەمرەكەی كە هەو ڵ بدات بۆ دۆزینەوەی هاوسەرێكی گونجاو؟ هەر وەك چۆن خەلیفەی مسوڵمانان عومەری كوڕی خەتاب دەگەڕا بۆ پیاوی صالح بۆ (حەفسەی كچی خۆی، كە دواتر پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم- كردی بە هاوسەری خۆی، تكایە وەڵامم بدەنەوە، وە تكایە ئامۆژگاریەك ئاڕاستەی وەلی ئەمری ئەو ئافرەتانە بكەن كە تا ئێستا كەس نەهاتوە بۆ خوازبێنیان بۆ ئەوەی بگەڕێن بە دوای هاوسەری گونجاو بۆیان.

وەڵام: دروستە  ئافرەت وەلی ئەمرەکەی ئاگادار بکاتەوە کە  ئارەزو ی شووکردنی هەیە ، وە دروستە داوا بکات لە وەلی ئەمرەکەی کە هەوڵ بدات  بۆ دۆزینەوەی هاوسەرێکی گونجاو .

وە دروستە وەلی ئەمری ئافرەت بگەڕێ بۆ پیاوی صاڵح بۆ ئەو ئافرەتەی لە ژێر دەسەڵاتی دایە، بە شێوەیەکی جوان و گونجاو، وە ڕەفتاری خەلیفەی مسوڵمانان عومەری کوڕی خەتاب-خوا لێی ڕازی بێت- کاتێ (حەفسەی)  کچی عەرز کردر لە سەر ئەبو بەکرو عوسمان -خوا لێیان ڕازی بێت-  پشتگیری ئەو مەسەلەیە دەکات .

| ئەندام | ئەندام | جێگری سەرۆك | سەرۆك |
|---|---|---|---|
| عبد الله بن قعود | عبدالله بن غديان | عبد الرزاق عفيفي | عبدالعزيز بن باز |

**پرسیاری یەکەم لەفەتوای ژمارە(6400)**

پرسیار : ئایا دروستە ئەگەر ئافر   ەتێك پیاوێکی دیندارو بە ڕەوشتی بە دڵ بوو  وە ئارەزوی کرد شوی پێ بکات داوای لێ بکات بیکات بە هاوسەری خۆی، هەر وەك چۆن دایکی مسوڵمانان خەدیجە داوای لە پێغەمبەری خوا کرد بیکا بە هاوسەری خۆی؟

وەڵام:  دروستە ئەگەر ئافر ەتێك پیاوێکی دیندارو بە ڕەوشتی دۆزیەوە  ئارەزوی کرد شوی پێ بکات بە شێوەیەکی گونجاو داوای لێ بکات بیکات بە هاوسەری خۆی، هەر وەك چۆن دایکی مسوڵمانان خەدیجە  - خوا لێی ڕازی بێت-   داوای لە پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم-  کرد بیکا بە هاوسەری خۆی ، وە هەروەها وەك ئەو ئافرەتەی خۆی پێشکەشی پێغەمبەری خوا کرد، کە لە سورەی ئەحزابدا باس کراوە،  وە ڕەفتاری خەلیفەی مسوڵمانان عومەری کوڕی خەتاب کاتێ (حەفسەی)  کچی عەرز کردر لە سەر ئەبو بەکرو عوسمان -خوا لێیان ڕازی بێت- پشتگیری ئەو مەسەلەیە دەکات .

| ئەندام | ئەندام | جێگری سەرۆك | سەرۆك |
|---|---|---|---|
| عبد الله بن قعود | عبدالله بن غديان | عبد الرزاق عفيفي | عبدالعزيز بن باز |

وصلى الله وسلم على نبينا وحبيبنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

مانگی ڕەجەب  1429 ك